# له خه‌وێکی سه‌راباوی



rawej_herani@yahoo.de

من نه‌نوستووم!
له‌وه‌ته‌ی چاوه‌کانم نووری عه‌شقیان ناسیوه!
من نه‌نوستووم!
له‌وه‌ته‌ی روحی رافیزم
حالی به عشق گرتووه و
ته‌ریقه‌تی له دڵی شێخێ بینیوه!
به‌ڵام ئه‌م شه‌و له ناو دونیای
نا ئارامی عشق و سووتان
له دوای ژه‌مێك خۆ خواردن و
وه‌رزێکی درێژی باران !!
سه‌رخه‌وێ وه‌نه‌وز خه‌وتم
له خه‌وما بووبووم .........
به مورید بۆ شێخی شعره به‌رزه‌کان ...!
له خه‌وما بووبووم ........
به قه‌قنه‌س گڕیم ئه‌به‌خشی به خاك و
جه‌سته‌ی کچێکی ناسك و جوان !
له خه‌وما شعر بووبوو
به توفان و تاده‌هات شه‌پۆلی ده‌کرد.
تاده‌هات (ئه‌و) له زیاد بوون بوو
په‌یامی بۆ عشق ئه‌برد !!
چاوی کچێك لام میوان بوو
هه‌ڵده‌له‌رزی و
به ناسکی بێزی له سه‌رمای شه‌و ده‌کرد!
تا دیوانی شعر و یادی ده‌یه‌ها ساڵم
هێنایه خوار
هه‌موویانم گڕ لێبه‌ردا و
بۆ گه‌رم کردنه‌وه‌ی گیانی !!
هێنده به‌ناز له‌رزه‌ی ده‌کرد وه‌ك شۆڕه‌بی
له‌لام که‌م بوو
دڵی گه‌رمم ده‌ربهێنم و
دایبنێمه سه‌ر نێوچاوانی !!

**راوێژ هیرانی**